# ریفراندۆمی کاتکوشتن و هەڕەشە و فشار:

بە ختیاری شە مە یی

بەر لە هەرت شتێك، تكایە هیچ كەس و هیچ لایەنێك، ئەم و ئەو بە ناپاك و دژەریفراندۆم و دژەسەربەخۆیی تۆمەتبار و تاوانبار نەكات!؟

زۆر بە دڵنیاییەوە دەڵێم: چۆن دڵنیام كە كورد و كوردستانیم و ناوم بەختیارە، ئاواش دڵنیام كە ئەو بانگەشەی ریفراندۆمە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان نییە. وەك هەمووان ئاگادارین، هەر لەسەرەتای دیاركردنی رۆژی ریفراندۆمەوە، هەندێك لە دەسەڵاتداران و سەركردە و سەركردایەتیی پارتە دەسەڵاتدارەكانی ناو دەسەڵاتی باشووری كوردستان، بە ئاشكرا رایانگەیاند كە ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەوە ناگەیەنێت كە ئێمە دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان رابگەیەنین!؟ دەی با بپرسین: ئەگەر ریفراندۆم بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان نییە، ئەی بۆچییە!؟

هەر بۆ نموونە، ئەگەر لەماوەی ٢٦ ساڵی رابووردوودا، بەو هەموو داهاتە فرە زۆر و بوودجە تۆكمەیەوە، نەمانتوانیبێت ٢٦ كارگە دابمەزرێنین (بێگومان دەكرا و دەمانتوانی سەدان كارگە هاوردە بكەین و بەرهەم و داهاتیان هەبووایە)، هیچ نەبووایە خۆمان نیوەی خواردن و خواردنەوە و كەلوپەل و كەرەسەستە پێداویستییەكانی خۆمان دابین بكردایە و بۆ هەموو شتێك ناچار و چاولەدەستی دەوڵەتانی دەوروبەر نەبووینایە، ئیتر چۆن بەو پەلەپەلە دەتوانین دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان رابگەیەنین، با دەوڵەت و دەوڵەتداریش مافی رەوای خۆمان بێت، بەڵام دەوڵەت پێكهێنان، هەلومەرجی لەبار و پێداویستیی تایبەتیی خۆی هەیە. كۆمەڵێك مەرج و مەرجكاریی پێویستی خۆی هەیە كە لەكاتی ئێستادا ئێمەی كوردانی باشوور خاوەنی هیچ یەكێ لەو مەرج و پێداویستیانە نین. ئەی كەواتە ئەو بانگەشەی ریفراندۆمە چییە و بۆچییە!؟ لێرەدا جێگەی خۆیەتی كە بپرسین: بۆچی پێش برانی بەشە بوودجەی باشووری كوردستان، هیچ كەس و هیچ لایەنێك باسی ریفراندۆم و پێكهێنان و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستانیان نەدەكرد!؟ خۆ ژێردەستەیی و چەوساندنوەی كورد و داگیركراوی و دابەشكراویی كوردستان، شتێكی لەپڕهاتوو و نوێ نییە تا بڵێین: ئێمە بە ژێردەستەیی و چەوساندنەوە و نیشتمانداگیركراوی رازی نابین و دەمانەوێت ئازاد و سەربەخۆ بین!؟ ئەوە سەدان ساڵە ئێمە ژێردەستەی رەگەزپەرستان و چەوسێنەران و داگیركەرانی میللەتانی تورك و عەرەب و فارسین و لەلایەن ئەوانەوە ژێردەستەكراوین و دەچەوسێنرێینەوە و ئازاری جەستەیی و دەروونی دەدرێین و بەند دەكرێین و گولەباران دەكرێین و لەسێدارەدەدرێین و فەرهەنگی نەتەوەییمان دەشێوێنرێت و خاك و نیشتمانمان سووتماك و وێران دەكرێت، سامانی نەتەوەیی و نیشتمانیمان بەتاڵان دەبرێت!؟ كەواتە هۆكار چییە كە بەو پەلەپەلە، گوایە بەهۆش خۆماندا هاتووینەتەوە و دەمانەوێت لە ژێردەستەیی و چەساندنەوە رزگارمان بێت!؟

راستییەكە ئەوەیە، پێش هاتنی بەشە بوودجە، باسێك لە ریفراندۆم و دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان بوونی نەبوو، دوای برانی بەشە بوودجە، سەركردە و سەركردایەتیی پارتە دەسەڵاتدارەكانی دەسەڵاتی سیاسیی باشووری كوردستان، ئەوەی كە لە رابووردوودا بۆیان چووبووە سەر لێی بێبەش بوون، لە زۆربەی زۆری ئیمتیازات و دەسەڵات و تەخشان و پەخشانی بەشەبوودجە بێبەش بوون، دارایی و پارەیان تەواو لە كزیی دا، بەوهۆیەوە مووچەی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی خۆیانیان وەكو پێویست بۆ دابین ناكرێت و لە هەموو روویەكەوە خۆیشیان و زۆربەی زۆری میللەتیشیان دووچاری كێشە و تەنگەژەی ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتی كردووە. دەسەڵاتداران و سیاسەتپیشەكانی دەسەڵاتی باشوور، نە توانیان لەڕووی جیۆگرافیای سیاسی و یاسایی و مافی هاونیشتمانێتییەوە، هاونیشتمانییەكی عێراقیی خاوەن مافبن، نە توانیشیان هاونیشتمانییەكی كوردستانیی تەبا و یەكگرتوو و خاوەن هێز و دەسەڵات و ئابوورییەكی سەربەخۆبن، ئێستا كە هیچ پلان و بەرنامە و رێگەچارە و چارەسەرێك و هۆكارێكی دەربازبوونیان بەدەستەوە نەماوە و خۆیشیان و میللەتیشیان بەم رۆژە رەشەی ئەمڕۆ گەیاندووە، ئیتر لەناچاریدا و بۆ كاتكوشتن و سەرگێژكردن و مەشخووڵ كردنی میللەت و لەبیربردنەوەی هەموو ئەو كێشە و تەنگەژە ئابووری و سیاسی و كۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرانەی ئەمڕۆ و لەپێناوی مانەوەی خۆیان لەسەر كورسیی دەسەڵات و بەردەوامیدان بە دەسەڵات و خۆشگوزەرانییەكانیان، كارتی

ریفراندۆمیان بەناچاری بەرزکردووەتەوە، سەرباری هەموو ئەوانەش، بەهۆی تاکتیکی ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە، دەیانەوێت هەڕەشە لە کاربەدەستانی بەغدا بکەن و ریفراندۆم وەك کارتێکی فشار بۆ بەدەستهێنانەوەی بەشەبوودجەی باشووری کوردستان بەکاربهێنن!؟

بە کورتی و بە کوردی، بانگەشەی ریفراندۆم، لەمە زیاتری هیچیتر نییە و هیچ ئامانجێکی نەتەوەیی و نیشتمانیی لەپشتەوە نییە!؟

هەر وەك چەند نموونەیەك: بە ٢٦ ساڵ نەمانتوانی ٢٦ کارگە و ٢٦ کێڵگەی کشتوکاڵی و ٢٦ دامەزراوەی ئاژەڵداری و ٢٦ بانك و ٢٦ خوێندنگەی پێشکەوتووی سەردەمییانە دروست بکەین، نەمانتوانی ٢٦ کادری سیاسی و ٢٦ کادری دیبلۆماسی و ٢٦ راوێژکاری ئاساییشی نەتەوەیی و نیشتمانی و ٢٦ فڕۆکەوان و ٢٦ ئەکادیمیست و پسپۆڕی بواری ئابووری پێبگەیەنین، ئیتر چۆن بەم پەلەپەلە دەکرێت و دەتوانین ئەوەی لەدەستمان چووە، بەدستی بهێنین و تۆڵەی هەموو لەدەستچووەکانی ٢٦ ساڵی رابووردوومان، زیانبژێری بکەینەوە!؟

ئەگەر بمێنین، ئەنجامی ئەو بانگەشەی ریفراندۆمەش دەبینین!؟

پارتی و بارزانی و سەربەخۆیی و نەیارانیان:

چ سەیروسەمەرەیەکە، ئەو کەس و لایەنانەی کە دژ و دوژمنی پارتی و بارزانین، پێیان وایە هەر دەبێت دژ و دوژمنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانیش بن!؟ لەڕاستیدا ئەوانە، پێی بزانن و پێی نەزانن، بیانەوێت و نەیانەوێت، بەهۆی خۆگێلکردن و رکوکینەی خۆیانەوە، بە دوو شێوەی جیاواز، لە خزمەتی پارتی و بارزانی و لە خزمەتی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستانیشدان!؟

تکایە دەستبەرداری خۆگێلکردن و رکوکینە ببن و خۆگێلکردن و رکوکینەی خۆتان، تێکەڵی پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییە رەواکانی خۆتان مەکەن!؟

ئەرێ پرسیارێك!؟

کورد چۆن بتوانێت عێراقیی رەسەن یان عێراقیی نارەسەن بێت!؟

عێراقی بەعس و عروبە و زیندان و ئەشکەنجە و گولەباران کردن و لەسێدارەدان و کیمایی باران و ئەنفال و کۆمەڵکوژی و وێرانکاری، ئەوە مێژووی رەشی عێراقە لەگەڵ ئێمەی کوردانی باشووردا!؟

دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، ئەرك و فەرمان و بەرپرسیارێتیی خۆمانە:

ئەگە ئێمەی کوردانی باشوور، بڕوامان بەخۆمان هەبێت و راست بکەین و بوێرین، بێ ریفراندۆم و کاتکوشتن، هەموو کاتێك، کاتی راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانە.

گریمان وێرامان و توانیمان دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی خۆمان رابگەیەنین و پاشان دەوڵەتە دوژمن و داگیرکەرەکانی کوردستان، لەکاردانەوەیاندا سنوورەکانیان لێداخستین، یان هێرشی سەربازییان کردە سەرمان، ئایا دەکرێت و دەگونجێت، لەم سەردەمی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و جیهانگیرییەدا، لەگەڵ هەبوونی هەموو ئەو هێزە چەکدارانەی خۆمان و ئەو هێزە سەربازی و سیاسی و دیبلۆماسییە ئەمەریکی و ئەوروپییانەدا کە لە باشووری کوردستاندان، ئەو دەوڵەتە دوژمن و داگیرکەرانەی دەوروبەرمان بتوانن بەبەرچاوی هەموو جیهانەوە، میللەتێکی زۆرتر لە پێنج ملیۆنی، لەبرسا بکوژن یان کۆمەڵکوژی بکەن!؟

جگە لە خۆمان، هیچ کەس و هیچ لایەنێکی بێگانە، دەستی نەگرتووین و ناشتوانن دەستمان بگرن و رێگریمان لێبکەن. خۆ ناشبێت و ناکرێت و ناگونجێت، ئێمە وەکو نەتەوە، رێگابەوە بدەین و چاوەڕوانی بێگانەکان بکەین کە چارەنووسمان دیاری بکەن!؟

بۆ نموونە، نەتەوەی جوو، بەبێ ریفراندۆم و چاوەڕوانکردنی هەڵوێستی بێگانەکان، دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان ڕاگەیاند، پاشان هەموو دەوڵەتانی جیهان، تەنانەت زۆربەی زۆری دوژمنەکانیشیان، دانیان پێدانان و توانیان ئەو ئیسرائیلە بەهێز و پێشکەوتووە دروست کرد کە ئێستا هەیە..... هەزاران دەستخۆشانە و ئافەرینیان لێبێت.

هەموومان، بەهیوا و ئاواتی پێکهێنان و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانەوە دەژین و دەمرین.

دەی چاوەڕوانی چیتر دەکەین!؟ شەڕێکی ناوخۆی دیکە و کیمیایی بارانێك و ئەنفالێك و کۆمەڵکوژییەکیتر!؟

کورتە سەرنجێك لە ساڵیادی کارەساتە دڵتەزێنەکەی شەنگالدا:

بەگوێرەی ئامارەکان، پێش هێرش هێرش کردنەکەی چەتە ئیسلامییە تیرۆریستەکانی داعش، دەوروبەری هەژدە هەزار چەکداری حیزبی و فەرمی و حکومیی کوردی لەناوچەکادا هەبوون، پرسیارەکە ئەوەیە: ئەگەر ئەو هەموو چەکدارانە، فەرمانیان لەسەرووی خۆیانەوە بۆ نەهاتبێت، ناکرێت و نابێت، هەموویان ترسنۆك بووبێتن و هەڵاتبێتن، لەکاتێکدا کە هەموو هێزی داعش لە سێسەد چەکدار زۆرتر نەبوون!؟ ئاشکرایە کە ڕێکەوتنێکی ژێربەژێری دەوڵەتی تورکیا و دەسەڵاتدارانی باشوور بووە، (دەسەڵاتداران، واتە: هەموو کەسایەتی و لایەنە بەشداربووەکانی دەسەڵاتی باشوور، چونکە هەموویان بەشدارن لەو دەسەڵاتەدا و کەم و زۆر، پشکی ئەو ناپاکی و تاوانەیان بەردەکەوێت)، لەڕاستیدا ئامانجی سەرەکی لە هێنانی داعش و ڕادەستکردنی ناوچەی شەنگال، بۆ کەمکردنەوە یان نەهێشتنی هێزەکانی شەڕڤانان و گەریلاکانی پەکەکە بوو لە ناوچەکەدا، بەو شێوەیە، ناپاکی و ستەمێکی گەورە و کارەساتباریان لە دانیشتوانی ناوچەکە کرد..... بەڵگەش ئەوەیە کە هیچ چەکدار و فەرماندە و بەرپرسێکی ناوچەکە، لێپێچینەوەی حیزبی و سەربازی و یاساییان لەگەڵدا نەکرا و تاکە چەکدارێك و تاکە فەرماندەیەك و تاکە بەرپرسێکی هێزە حیزبی و فەرمی و حکومییەکانی ناوچەکە، سزا نەدران!؟

فەرموون، کێ دەتوانێت ناوی سیانی و مێژووی لەدایك بوونی تاکە چەکدارێك و تاکە فەرماندە و تاکە بەرپرسێکی حیزبی و حکومیی ئەو سەردەمەی ناوچەکەمان بۆ بنووسێت کە لەسەر ئەو بەرگرینەکردن و هەڵاتنەیان، لێپێچینەوەی حیزبی و سەربازی و یاساییان لەگەڵدا کرابێت.....!؟

بەبۆنەی ساڵیادی کارەساتە دڵتەزێنەکەی شەنگالەوە:

لێرەدا جێگەی خۆیەتی کە دروشمێکی شۆڕشگێرانەی پاسۆك دووبارە بکەینەوە کە ئەمەیە: (چەکی بێ بیروباوەڕ، سێدارەی جەماوەرە).

بەڕاستی وایە، ئەو چەکانەی کە بەدەست هێزە چەکدارە ڕۆبۆتە هەڵاتووەکانی دەڤەری شەنگالەوە بوون، هەموویان بوون بە سێدارە بۆ کوردە ئێزیدییە ناپاکیلێکراو و ستەملێکراوەکان، بەڵام بە پێچەوانەی شەنگالەوە، چەکەکانی دەستی شەڕڤانانی ئازا و شۆڕشگێر و لەخۆبووردووی کۆبانی، بوون بە سێدارە بۆ چەتە ئیسلامییە تیرۆریستەکانی داعش.

بژی بیروباوەڕی شۆڕگێرانەی کوردایەتی.

کوردانی بەشداربووی فەیسبوك و دەسەڵاتداران و سیاسەتمەدارانی باشووری کوردستان:

هەمووان ئەو ڕاستییە دەزانین کە فەیسبوك، پێگەیەکی ئەلیکترۆنیی جیهانییە و زۆرترین بەشداربووی هەیە. ڕۆژانە بە ملیۆنان بابەتی جۆراوجۆری تێدا بڵاو دەکرێتەوە. کوردیش پشکی خۆی تێدا هەیە و بە هەزاران لە ڕۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندان و ژەنیاران و مامۆستا و خوێندکاران لە هەموو ئاستەکاندا، لە هەموو ڕەگەزەکاندا تێیدا بەشدارن و ڕۆژانە بابەتەکانی خۆیانی تێدا بڵاو دەکەنەوە. بەکورییەکەی ئەمڕۆ ئەم پێگە ئەلیکترۆنییە جیهانییە، جەماوەرێکی فرە زۆری بەیەکتری ئاشنا کردووە و لەیەکتریی نێزیك کردوونەتەوە و بەهۆی ئەم پێگەیەوە ئاگاداری دەنگوباس و شوێنی ژیان و جۆری بیرکردنەوە و بیروباوەڕ و نووسین و بەرهەمە ڕامیاری و وێژەیی و هونەری و کۆمەڵایەتییەکانی یەکتری هەن. ڕۆژانە لەم پێگەیەوە ئاڵوگۆڕی هەزاران جۆری پێوەندی و بەرهەمی جۆراوجۆری یەکتر دەکرێت. با لێرەدا بێینە سەر کرۆکی مەبەستەکەی ئەم وشانە: جێگای سەرسوڕمان و شایستەی لێوردبوونەوەیە کە هەتا ئێستا نەبینراوە و ڕووینەداوە کە لەلایەن هیچ یەکێ لە سەرانی پارتە دەسەڵەتدارەکان و سیاسەتپیشەکان و دەسەڵاتی بەناو کوردییەوە، بەشداریی لەگەڵ هیچ کورد و کوردستانییەکی بەشداربووی ئەم پێگە گرنگە جیهانییەدا بکەن!؟ هەتا ئێستا هیچ سەرکردە و بەرپرسێکی دەسەڵاتی باشووری کوردستان و سەرکردە و سەرکردایەتیی هیچ یەکێ لەو پارتە

کوردی و کوردستانییانە نەبینراون کە دەستخۆشانە و ئافەرین لە بەرهەمی هیچ کوردێکی بەشداربووی فەیسبوک بکەن. لێرەدا با بە دوو گریمانە ئەم دیاردەیە باس بکەین: ئەم بەرپرس و سیاسەتمەدارانەی باشووری کوردستان، یان بەهیچ شێوەیەك ئاگایان لە میللەت نییە و هەردەم لە سەر پارە و بودجەی میللەت، هەر خەریکی سەرمایە کۆکردنەوە و خۆدەوڵەمەندکردن و هەر سەرمەستی کورسی و دەسەڵات و رابواردن و خۆشگوزەرانی و ژیانیی تایبەتیی خۆیان و ماڵومناڵیانن، یان هێندە لەخۆبایی و لووتبەرز و خۆبەزلزان و بیرتەسك و نابەرپرسیارن کە ئەو خەڵکەی میللەتی خۆیان بەکەم و نەزان و بێ نرخ و بێ بەها و بێ بایەخ دەزانن کە شایستەی ئەوە نەبن، لە رۆژێکدا تەنها یەك خولەکی ژیانی خۆیان تەرخان بکەن بۆئەوەی کە هەر هیچ نەبێت ئافەرینێك و دەسخۆشانە لێکردنێك لەو هەموو دڵسۆزی و رەنج و ماندووبوون و نووسین و بەرهەمە جۆراوجۆرانەی هاوخوێن و هاونیشتمان و هاوزمان و هاوچارەنووسانەی خۆیان بکەن!؟ لێرەدا پێویستە ئەوەش بڵێین کە سەرکردە و سەرکردایەتییەکان و سیاسەتمەدارانی نەتەوەکانی دیکە هەمیشە لەناو میللەتی خۆیاندان و لەگەڵ خەڵکی وڵاتی خۆیاندان و لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکدا ئاگایان لە نیشتمان و لە نەتەوەی خۆیان هەیە. رۆژانە بەچاوی خۆمان، لە میدیای بیستراو و بینراوەوە، سەرکردە و سیاسەتمەدارەکانی پێشکەوتووترین نەتەوە و وڵاتانی جیهان دەبینین کە لەبەردەم کەمتەمەنترین خەڵکی خۆیاندا بۆ رێزگرتن و بایەخ پێدانیان دەچەمێنەوە و گوێ لە داخوازی و خواست و پێداویستی و بیر و بۆچوونەکانیان دەگرن. لەڕاستیدا ئەگەر وا نەبێت و وا نەبن، ئەی کاریان چییە و سەرکردە و بەرپرس و سیاسەتمەداری چین و هی کێن!؟ بەپێچەوانەی نەتەوەکانی دیکەوە، بەرپرسان و دەسەڵاتداران و سیاسەتمەدارانی ئێمە، رۆژانە یان هەفتانە یان مانگانە، بۆ دەرمانیش لەناو میللەتدا نابینرێن، خۆ ئەگەر زۆر ناچاربن و پێویست بکات سەردانی شوێنێکی گشتی و ناو میللەت بکەن، ئەوە بە کاروانێك ئۆتۆمۆبێلی جامڕەشی دوا مۆدێل و دەیان و سەدان چەکدار و پاسەوان و ستافی رۆژنامەوانیی دەربارەوە، دەردەکەون!؟ لێرەدا بۆئەوەی ئەم وشانە زۆر درێژتر نەبنەوە و زۆرتر کاتی ئێوەی بەڕێزیش نەگرم، با خوێنەر خۆی بڕیار لەسەر ئەم دوو گریمانەیە بدات!؟ نووسەری ئەم چەند وشەیە پێی وایە کە کێشەکە هەردوو گریمانەکەیە پێکەوە.

ئاشی نەزانە و خوا دەیگێڕێت:

بیرکردنەوە و تێگەیشتنی سیاسەتپیشەکانی باشووری کوردستان لە سیاسەت، وەك وتەی ئەو مرۆڤە شێتە وایە کە وتوویەتی: لە شتێك تێناگەم، ئەو شتەش نازانم چییە!؟

عەلی جاشئۆغڵوو و دەسەڵاتدارانی چاشدۆستی باشوور:

هەموومان دەزانین کە ئەو عەلی جاشئەغڵووە، خۆفرۆشتووە و ناپاکە، بە ئاشکرا و بە فەرمی نۆکەر و بەکرێگیراوی عەرەب و تورکە، ئەمە راستییەکە هیچ نکوڵیی لێناکرێت، ئینجا با ئەو جاشایەتییە هەر پیرۆز بەخۆی و بە دووکەوتووەکانی بێت کە بێگومان شانی هەموویان ئەو جاشایەتییە هەڵیدەگرێت، هەربۆیە دەبێت بڵێین: لەوە سووك و ریسواتر بن.

لێرەدا سەبارەت بەو پرسی جاشایەتییەی ئەو عەلی جاشئۆغڵووە، دەبێت پرسیارێك بکەین: ئایا دەسەڵات و دەسەڵاتدارانێکی کوردی، کە لە فڕۆکەخانەی پایتەختی باشوور، فەرشی سوور بۆ ئەو خۆفرۆشتوو و ناپاکە رادەخەن و نووسینگەی تایبەتییان، لە پایتەخت بۆ کردووەتەوە و چەندین ئیمتیازاتی تایبەتی و تاکەکەسیی لە باشووری کوردستان و لەناو دەسەڵاتی باشووردا هەیە، بە ئازادانە و بە ئاشکرا چەندین خوێندنگە و زانکۆی تورکچێتی و عەرەبچێتی و ئیسلامچێتیی لە باشووری کوردستاندا کردووەتەوە، بە ئازادانە و بە ئاشکرا، خەریکی تۆرانیزم و عروبە و عەرەبچێتییە، سەرباری هەموو ئەوانەش، جاشئۆغڵوو، لەلای دەسەڵات و دەسەڵاتدارانی باشوور، یەکێکە لە خۆشەویستترین ورێزلێگیراوترین ئیسلامچی و تۆرانچی و تەعریبچییەکانی کورد، ئینجا دەسەڵاتدارانێکی لەو شێوەیە، کە جگە لە چاشئۆغڵووەکانی ئێستا، لە رابووردووشدا هەزاران چاش و سەرچاش و کۆنە بەعسی و موستەشار و ئەنفالچییان بەخشیوە و لەلای خۆیان دالدەیان داون و لەوەش خراپتر و کارەساتبارتر و شەرمهێنەرتر، بێباکانە بەبەرچاوی میللەتەوە پاداشت و خەڵاتیان کردوون و پلەوپایە و زەوییان پێبەخشیوون و مووچەی خانەنشینییان بۆ بڕیونەتەوە، ئایا دەسەڵات و دەسەڵاتدارانێکی لەو تەرزە، لێیان دەوەشێتەوە کە خزمەتی میللەت بکەن، یان میللەت چۆن بتوانن متمانە و بڕوایان پێبکەن کە گوایە دەوڵەتی سەربەخۆی نەتەوەیی و نیشتمانییان بۆ دروست دەکەن!؟

پێشینانمان جوانیان فەرمووە: تۆز لە قوڕاو هەڵناستێت.

--------------------

**خوا توركيا دەپارێزێت**

**عەلی قەرەداغی: توركیا قیبلەی زوڵملێكراوانە**

**عەلی قەرەداغی لەشاری ئەستەنبول رایگەیاند "توركیا قیبلەی زوڵملێكراوان و كەعبەی چەوساوەكانە، خوا توركیای لەشەڕی شومی كودەتاچییەكان پاراست بەهۆی دوعاو نزای موسڵمانانەوە".**

**ئاوێنەوە، رۆژنامەی "عەرەب"ی قەتەری لەهەواڵێكدا رایگەیاند كە عەلی قەرەداغی ئەمینداری گشتی یەكێتی زانایانی موسڵمانی جیهان لە ئەستەنبول پشتیوانی خۆی بۆ توركیا و حكومەت و گەلەكەی دەربڕیوە، پیرۆزبایی لە گەلی توركیاش كردوە بەبۆنەی شكستهێنانی كودەتا سەربازییەكەوە.**

**بەپێی رۆژنامەكە، عەلی قەرەداغی وتویەتی "كودەتاچییەكان تاوانبار بون چونكە حسابیان بۆ هەمو شتێك كردبو دەسەڵات و توانای خوداوەند نەبێت و دوعای زوڵملێكراوان شكستێكی گەورەی بەسەردا هێنان".**

**هەروەها وتویەتی "لەخوا دەپارێمەوە شەهیدەكانی روداوی كودەتاكە لەگەڵ پێغەمبەران و پیاوچاكان حەشر بكات".**

**لەپرسیارێكیشدا سەبارەت بەهۆكاری پشتیوانی گەورەی یەكێتی زانایانی موسڵمان لە ئەردۆغان و هەڵوێستی توندیان بەرامبەر بە كودەتاكە، عەلی قەرەداغی وتویەتی "هەڵوێستی یەكێتی زانایان هەڵوێستێكی شەرعییە و پێویستە هەمو موسڵمانێك لەدژی كودەتا ناشەرعییەكە بوەستێت و پشتیوانی لە حكومەتێك بكات كە لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردراوە و شەرعییە".**

**سەرچاوە: ئاوێنە.**

**میللەت لەسەرو هەمووانەوەیە:**

**هیچ كەس و لایەنێك بە تەنها و تاكڕەوانە ناتوانێت و بۆی نییە بەناوی میللەتەوە هیچ بڕیارێكی نەتەوەیی و چارەنووسساز بدات!؟**

**ئەمڕۆ سیاسەتی باشووری كوردستان لەدەستی ٣ لایەندایە، پارتی و یەكێتی و گۆڕان، حیزبە بچكۆلە و دوكانە سیاسییەكانی دیكە، لە پەراوێزی ئەو ٣ لایەنەدان. (بێگومان باند و گروپە ئیسلامییە سیاسییە دروستكراو و بەكرێگیراوەكان، لە دەرەوەی بازنەی بەرژەوەندییەكانی كورد و كوردستاندان). كەواتە هەر بڕیارێكی چارەنووسساز پێویست بێت بدرێت، دەبێت پێش هەموو شتێك میللەت بەگشتی لەگەڵیدا بێت و پشتیوانیی بكات، ئەرك و فەرمان و بەرپرسیارێتیی سیاسیی لایەنە سیاسییەكانیش سەرپەرشتیكردن و رێبەری كردنی میللەتە. هەربۆیە، ئەگەر بڕیار بێت دەوڵەتی سەربۆخی باشووری كوردستان پێكبهێنرێت و رابگەیەندرێت، پێویستە و دەبێت، میللەت و ئەو لایەنە سیاسییانە، پێكەوە هاوڕا و هاوكار و هاوئامانج بن. رێگەچارەیەكی ترمان لەبەردەمدا نییە.**

**هەمووومان لە چاوەڕوانیی بڕیاردانی چارەنووسی خۆمانین.**

**مەگەر ریفراندۆم هەر ریفراندۆم نییە!؟**

**ساڵی ٢٠٠٥ ریفراندۆم لە باشووری كوردستان ئەنجامدرا و لە سەدا ٩٨ی دانیشتووانی باشوور، دەنگی بەڵێیان تۆماركرد و ملیۆنێك و هەشتسەد هەزار دەنگ و ناو و واژۆ رادەستی رێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكان كرا.**

**ئەرێ بەڕاست! ریفراندۆم هەر ریفراندۆم نییە!؟ ئەگەر مەبەستەكە ریفراندۆم بێت و ئامانجیش لە ریفراندۆم، راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان بێت و شتێتر نەبێت!؟ ئەی بۆچی كار بە ئەنجامی ریفراندۆمە ئەنجامدراو و سەركەوتووەكەی ساڵی ٢٠٠٥ی باشووری كوردستان ناكەن!؟**

**دووبارەكردنەوەی ریفراندۆم بۆچی و لەپێناوی چیدا!؟ دەی گرەنتی چییە كە ئەم دووبارەكردنەوەیەی ریفراندۆمە، هەمان ئەنجامی ریفراندۆمە سەركەوتووەكەی ٢٠٠٥ی دەبێت!؟**

**به دڵنیاییەوە ئەم ریفراندۆمە دووبارەیە، ریفراندۆمە لە چاوەڕوانیی (گۆدۆ)دا!؟**

**لە سەیروسەمەرەکانمان:**

ئافەرین میللەت بۆ خۆت و نەوە نوێیەکانت! ٢٠٠٠ گەنجی بێ پارە و بێکار و بێ شوێن و بێ داهاتوو، بە گیرفانی بەتاڵەوە، بچن گوێ لە گەنجێکیتری بێ رابووردوو، بەڵام دز و پارەدار و گومانلێکراو، بگرن و چەپڵەی بۆ لێبدەن و وێنەی لەگەڵدا بگرن، بە مەرجێ هەموو ئەو وتانەی ئەو گەنجە پارەدارە داوێتی بەگوێیاندا، جگە لە وتەی سەوزوسووری بێ کردەوە و بێ باج و فریودان و چەواشەکاری، یەك رستەی نوێی تێدا نەبووە، یەك پەیامی دڵسۆزانە و خزمەتگوزارانە و هاندان بۆ نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەری و مرۆڤپەروەریی تێدا نەبووە، بە دڵنیاییەوە هەموو ئەو گەنجانەی کە لە کۆبوونەوەکەدا بەشداربوون، خۆیان لەو گەنجە، خوێنەوارتر و زیرەکتر بوون. ئیتر وایە، ئێستا بووە بە باو، هەرکەسێك پارەی هەبێت و بەناوبانگ بێت، ئیتر گرنگ نییە کە ئەو کەسە، رابووردووی چی بووە و چۆن ئەو پارەیەی دەستکەوتووە و چۆن بەناوبانگ بووە، گرنگ ئەوەیە پارەدار و بەناوبانگە و دەبێت گوێی لێبگیرێت و چەپڵەی بۆ لێبدرێت و دووای بکەون!؟

ئەرێ بەڕاست، بۆچی لەو ٢٠٠٠ گەنجە، یەکێکیان لەو دزە پارەدار و بەناوبانگکراوەی نەپرسی، تۆیەکی گەنجی بێ رابووردوو، ئەو هەموو پارەیەت لەکوێ هێنا و چۆن پەیدات کرد، چۆن و بەچی ئاوا پارەدار و بەناوبانگ و بەدەسەڵات بوویت!؟

بەردەوام بوون لەسەر ریفراندۆم، چارەسەرێکی دیکەی ریالیستانە!؟

بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئێمەی کورد ئەمڕۆ خاوەنی سەرۆکێکی پاك و دڵسۆز و ژیرمەند و لەخۆبووردووی وەکو گاندی و قازی محەمەد و ماندێلا بووینایە و ژیانی وەك خەڵکی ئاسایی ناو میللەت بووایە، ئەوکاتە ئەگەر هەر داخوازییەکی لە میللەت بکردایە، هیچ کەس و لایەنێك رووی ئەوەی نەدەبوو بڵێت: (نەخێر – نا)!؟

بەڵێ ناکرێت و ناگونجێت، لەلایەکەوە خۆتان و نەوەکانتان و نزیکەکانتان و سەرکردایەتیی پارتەکانتان، هەموو ملیاردێر و ملیۆنێر بن، لەلایەکیترەوە لەپڕدا بەبێ هیچ پێشینەیەك و پلان و بەرنامەیەك و ئامادەکارییەك، داخوازیی کاری ترسناك و ئاستەم لە تاکە هەژار و برسی و بێکار و بێ شوێن و بێ مووچە و بێ خزمەتگوزاری و نائومێدەکانی میللەتەکەتان بکەن!؟

هیچ پێتان سەیر نەبێت کە بانگەشەی ریفراندۆمی هەڵە و ناپێویستی بارودۆخی نالەبار و نەگونجاو، هێندەیتر بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی باشووری کوردستان بەرەو دووبەرەکی و لێکدابڕان و ئاژاوە و ئاڵۆزیی نێوخۆیی ببات!؟

ئەرێ بەڕاست! باشتر نییە، جارێ هەڵوێستەیەکی کاتی بکەین و بیر لە رێگەچارە و چارەسەرێکی ریالیستانە و گونجاو، لە بارودۆخی سەخت و ناهەموار و ئاڵۆزێنراوی باشووری کوردستان و باشترکردنی ژیانی زۆربەی زۆری هەژارانی میللەت بکەینەوە!؟

دەی بەڕێزان بفەرموون، بیروڕا و پێشنیازی ئێوە چییە!؟

بەردەوام بوون لەسەر ریفراندۆم، یان چارەسەرێکی دیکەی ریالیستانە!؟

بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئێمەی کورد ئەمڕۆ خاوەنی سەرۆکێکی پاك و دڵسۆز و ژیرمەند و لەخۆبووردووی وەکو گاندی و قازی محەمەد و ماندێلا بووینایە و ژیانی وەك خەڵکی ئاسایی ناو میللەت بووایە، ئەوکاتە ئەگەر هەر داخوازییەکی لە میللەت بکردایە، هیچ کەس و لایەنێك رووی ئەوەی نەدەبوو بڵێت: (نەخێر – نا)!؟

بەڵێ ناکرێت و ناگونجێت، لەلایەکەوە خۆتان و نەوەکانتان و نزیکەکانتان و سەرکردایەتیی پارتەکانتان، هەموو ملیاردێر و ملیۆنێر بن، لەلایەکیترەوە لەپڕدا بەبێ هیچ پێشینەیەك و پلان و بەرنامەیەك و ئامادەکارییەك، داخوازیی کاری ترسناك و ئاستەم لە تاکە هەژار و برسی و بێکار و بێ شوێن و بێ مووچە و بێ خزمەتگوزاری و نائومێدەکانی میللەتەکەتان بکەن!؟

**هیچ پێتان سەیر نەبێت کە بانگەشەی ریفراندۆمی هەڵە و ناپێویستی بارودۆخی نالەبار و نەگونجاو، هێندەیتر بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی باشووری کوردستان بەرەو دووبەرەکی و لێکدابڕان و ئاژاوە و ئاڵۆزیی نێوخۆیی ببات!؟**

**ئەرێ بەڕاست! باشتر نییە، جارێ هەڵوێستەیەکی کاتی بکەین و بیر لە رێگەچارە و چارەسەرێکی ریالیستانە و گونجاو، لە بارودۆخی سەخت و ناهەموار و ئاڵۆزێنراوی باشووری کوردستان و باشترکردنی ژیانی زۆربەی زۆری هەژارانی میللەت بکەینەوە!؟**

**دەی بەڕێزان بفەرموون، بیروڕا و پێشنیازی ئێوە چییە!؟**